## دواکەوتە ژیری و هۆکارەکانی ... بەشی یەکەم ... بەکوردی کردنی: خاڵەبەکر

bakeramin@hotmail.Com

لەم ڕوانگەیەوە کۆ گەلێك بیروراو بۆچونی جیاواز هەیە لەنێوان دەرونناساندا سەبارەت بەهۆکارەکانی دواکەوتەژیری، تەنانەت "یانت Yannet" کەپسپۆرو زانایە لەبواری دەرون ناسیدا، پشت دەبەستێت بە پتر لەسەد سەر چاوەی زانستی و ئاماژە بەوە دەکات کەپترلە سەد هۆکار هەن دەبنە هۆی تووش بوون و دووچار بوون، ئەمەش ئەوە ناگەێنێت کە هەر یەك لەم هۆکارانە کاریگەری پلە یەکەمی هەبێت، لەبەر ئەوەی هەندێکیان هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆیان نیەو هەندێکیشیان کاریگەری ئەوتۆیان هەیە.
ئەم جیاوازی و هۆکارانەش سەبارەت بەدواکەوتەژیری خۆی لە بازنەی کاریگەرێتی بۆماوەیی ڕاستەوخۆدا یان ناڕاستەوخۆدا دەبینێتەوە، وێرای کاریگەرێتی ژینگەو دەوروبەریش. لەڕوانگەی ئەم دیدوبۆچونەوە سەبارەت بەگفت و گۆکردن لەمەڕ هۆکارەکانی داکەوتەژیری دەتوانین وەدووی سەربووردەو چۆنێتی مامەڵەکردن و پەیڕەوکردنی ئەو قۆناغانەدا بچین کە هۆکارەکان کاریگەری خۆیان دەردەخەن وەیان سەرو بەندی ئەو تەمەنەی کەهۆکارەکانی تیا دەخوڵقێت و تیا سەر هەڵدەدات.
وە بەپێی ئەم بنەمایەش دەتوانین ڕەچاوی ئەم هۆیانە بکەین کە خۆیان لەم سێ هۆکارەدا دەبیننەوە.

١. هۆکارەکانی پێش لە دایك بوون Causes Prenatal.

ئەمەش ئەو هۆکارانەیە کە لە سەرو بەندی سك پڕیدا پێش لە دایك بوون کاریگەرێتی دەکاتە سەر جەنین.

٢. هۆکارەکانی کاتی لە دایك بوون Causes Perinatal.

ئەمەش ئەو هۆکارانەیە کە کار دەکاتە سەر منداڵ لە کاتی لەدایك بووندا و پاشان دەبنە هۆی دواکەوتەیی. ٣. هۆکارەکانی پاش لە دایك بوون Causes Postnatal. ئەمەش ئەو هۆکارانەیە کە کار دەکاتە سەر منداڵ پاش ئەوەی لەدایك دەبێت، بەتایبەتی لەساڵەکانی سەرەتای تەمەنیدا، پاشان دەبنە هۆی دووچار بوونی دواکەوتەیی.
٤. وەهەروەها هۆکاری دیکەش هەن کەدەتوانین بەو هۆکارانە ناوزەندیان بکەین کەتائێستا دەست نیشا نەکراون و دەبنە هۆی دواکەوتە ژیری، توێژینەوەکانیش ئەم هۆکارانە دەگەڕێننەوەبۆ ئەوبارودۆخەنەزانراوانەی کەتوشبوانی دواکەوتەژیری بەئەندازەیەکی سووك دووچاری هاتون و ڕێژەکەشیان خۆی دەدات لە٧٠%بۆ٧٥% وەلێرەشدا درێژەبەباسکردنی ئەم هۆکارانە دەدەین. یەکەم:هۆکارەکانی پێش لەدایك بوون. ئەمەش کۆمەڵێ هۆکارن کەپێش لەدایك بوون کاردەکەنە سەر ئاوەلمە" جەنین" و دەبێتە هۆی هێنانەکایەی دواکەوتەژیری، دەشتوانین بیانگەڕێنینەوە بۆ هۆکارە بۆماوەییەکان، بەڵام لێرەدا تووشبوانی دواکەوتەژیری بەهۆی بۆماوەییەوە لەرێگەی جیناتەوە کە کرۆمۆسۆمات و خانەکانی زاووزێ لەخۆی گرتوون بەپێی یاسای بۆماوەییەوە ڕاستەوخۆ ڕوودەدەن و بەدیاردەکەون.
بۆماوەییش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەبنە هۆی سەرهەڵدانی دواکەوتەژیری، وەهەروەها گۆڕانکاریە هەنوکەییەکانی نەخۆشیەکەش کاردەکەنە سەر جیناتەکان، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کرۆمۆسۆماتەکان لەو کات و دەمانەدا کە خانەکان دووچاری

دووکەرتی دەبن، سەربارى ئەمەش دواکەوتەژیری پاش لەدایك بوون بەهۆی هەندێ هۆکارەوە ڕوودەدەن بەلاَم هەندێك جار واڕوودەدات کەبەهیچ شێوەیەك پەیوەندیان بەجیناتەوەنەبێت، بەلَکو دەگەڕێتەوەبۆ ئەو هۆکارانە کە پاش پیتاندن"اخیّاب" ڕوودەدەن و جەنین دروست دەکەن و پێکی دەهێنن، ئەمەش لەو کاتەدا ڕوودەدات کە ئاوەلمەکە" جەنینە"کە لەسەرەتای دروست بوندایە، واتە لەدەمەدەمی سك پڕیداو پاشان دواکەوتە ژیری لێدەکەوێتەوە.

بەم پێ یەش هۆکارەکانی پاش لەدایك بوون دەکەین بە دوو بەشی سەرەکیەوە، کەئەمانەن: ڕ. هۆکارە جینێکان Factors Genetic ب. هۆکارە نا جینێکان Factors Genetic – Non.

ڕ. هۆکارە جینێکان:

## وەهەروەها ئەمەش دەبێت بەدوو بەشەوە:

١. هۆکارەڕاستەوخۆکانی جیناتەکان.

٢. هۆکارە نا ڕاستەوخۆکانی جیناتەکان.

١. هۆکارە ڕاستەوخۆکانی جیناتەکان:

منداڵ لە دایك و باوکەوە یان لە نەوەکانی پیش ئەوانەوە (واتە کەس و کاری دایك و باوك) دەبێتە منداڵێکی دواکەوتەژیر ئەمەش لەڕێگەی جیناتە بۆماوەکانەوە ڕوودەدەن، ئەم جیناتانەش هەلَگری هەمان سیفاتی ویراسی ئەو جیناتانەیە کەدەبێتە هۆی دروست بوون و تووش بوونی دواکەوتەژیری، ئەم شێوە دواکەوتەژیریەش بە دواکەوتەژیری باو (سائد) ناوزەند دەکرێت، ئەمەش لەهەموو نەوەکاندا دەردەکەوێت بەرێژەی ١:٣ بەپێی یاسا ویراسێکانی"مندل" وەهەروەها"پنروس Penrose" یش وای بۆدەچێت کە دواکەوتەژیری باو لەوەچەی ئەوکەسانەدا دەردەکەوێت کە بەهۆی ناپێکهاتەییانەوە دروست دەبێت، ئەمەش بە سێ بەلَگە دەسەلمێنێت. ڕ. دەرکەوتنی دواکەوتەژیری بەرێژەیەکی زۆر لەناو تاکەکانی خێزاندا. ب. نیوەی هەموو نەوەیەك دواکەوتەژیری کاری تێدەکات. ج. گەر بێت و دایك و باوك لەبنەڕەتدا دواکەوتەژیربن.

وەهەروەها دواکەوتەژیریش لەڕێگەی ئەو جیناتانەوە دروست دەبێت کە پێیان دەوترێت جیناتە سست و لاوازەکان، وەئەگەر بێت و دایك یان باوك هەر کامێکیان هەلَگری ئەم جیناتە سست و لاوازە بن بەبێ ئەوەی هیچ دیاردەیەکی دواکەوتەژیریان پێوەدیاربێت ئەوە ناگەیێنێت کەئیتر جیناتەکە هەر بەسستی و لاوازی دەمێنێتەوەو ناچێتەوە بارودۆخێکی ئەکتیڤەوە، وە ئەم جۆرە دواکەوتەژیریەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوەبۆ ئەو جیناتە سست و لاوازە کە پێی دەوترێت داکەوتەژیری سست بوو، ئەمەش بەپێی یاسا ویراسێکانی"مندل" لە هەموو نەوەیەکدا دەرناکەوێت و ڕوونادات. بەلاَم"پنروس"وای بۆدەچێت کە دواکەوتەژیری سست و لاواز لە ئاکامی نائاسودەیی و نەخۆشی بیوکیمیاویی وە ڕوودەدات کە لەڕێگەی دایکەوە یان باوکەوەدەگوێزرێتەوەبۆ جیناتەکە، پاشان دەبێتە هۆی شێواندن و تێکچونی دەماغ و کۆئەندامەکانی دەمار "الجهاز العێبی"، ویراسەتی ئەم جیناتەش دەگەڕێتەوە بۆ پشتاوپشت (واتە باپیرەی باپیرە گەورە) ئەمەش لەو کەسانەدا دەردەکەوێت کەزیاتر پەل هاویشتنی ژن و ژنخوازی لەنیوان یەکتریدا پەیرەو دەکەن، لەبەر هەندێ دیاردەی دواکەوتەژیری ئاشکراتر لەنێوانیاندا دەردەکەوێ. بۆئەم ڕاستیەش گەر بێت و

توێژینەوەکانمان لە میانەی ئەم بیروبۆچونانەوە بخەینە گەڕ سەبارەت بەڕۆچوون بەمێژوی بنج و بناوانی ئەم خێزانانەوە ئەوا لە ڕاستیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دواکەوتەژیری زیاتر لەو خێزانانەدا دەردەکەوێت کەپەیوەستن بەوەی کە ژن و ژنخوازیەکانیان هەر لە بازنەی کەسایەتی و خزمایەتیدا چەقی بەستوە، ئەمەش پێی دەوترێت (دواکوتەژیری خێزانی) Type Familial وەمەزەنەکردنی ئەم شێوە دواکەوتەژیریانەش خۆی ئەدات لە نزیکەی ٢٠% تا ٤٠%. وە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش پشت دەبەستین بەو توێژینەوەیەی (یانت) کە ٢٥٠٠ کەسی لەخۆ گرتبوو، لە ئاکامدا گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە لە٤٠% ی دواکەوتەژیرەکان دەگەڕێتەوە بۆ شێوە پێکهاتەکانی خیزان.

وەلێرەشدا ئەوەی پەیوەندی بە بۆ ماوەیی جیناتەکانەوە هەیە، بۆمان هەیە ئەوە وەبیر بهێنینەوەکە تاکەکەس بەشێوەیەکی یەکسان ژمارەی کرۆمۆسۆمات لە دایك و باوکەوە وەردەگرێت و بۆی دەمێنێتەوە، لە هەر یەکێکیان (واتە دایك و باوك) ٢٣ کرۆمۆسۆم وەردەگرێت، بەم واتایە تاکە کەس دەبێتە خاوەنی ٤٦ کرۆمۆسۆم کە لە ٢٣ جووت کرۆمۆسۆم پێك دێن. وەهەروەها ئەوەی شایەنی ووتنە لە ساڵی ١٩٥٩ دا (لیجوین و هاوڕێکانی) پەییان بەوە برد کە ئەو دۆخە دواکەوتەژیریەی کە بەمەنگۆلی ناوزەندیان کرد هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاکەکەس دەبێتە خاوەنی کرۆمۆسۆمێکی زیاتر، ئەم کرۆمۆسۆمەش دەلکێت بەجووتێك لە جووتە (کرۆمۆزۆمات) ی ژمارە ٢١ وە، بەم چەشنەش کرۆمۆسۆماتی سیانەیی Trisomy پێك دەهێنن نەك دوانەیی.

وەهەروەها هەندێ دۆخی تر هەن کە دەبنەهۆی خوڵقاندنی جۆرێکی تر لە مەنگۆلیەت، ئەویش ئەو جۆرەیە کە کرۆمۆسۆمی زیایە لە خۆ ناگرێت بەڵکو تاکەکەسەکە خاوەنی ٤٦ کرۆمۆسۆمەو بەڵام یەکێك لەو کرۆمۆسۆمانە دووکەرت دەبێت و کەرتێکیان بەکرۆمۆسۆمێکی ترەوە دەلکێت Dislocition ئەمە وێڕای سێهەمین جۆری مەنگۆلیزم کە بە Mongolism Mosaic ناوزەنددەکرێت. وە لەم سێ جۆرەدا جگە لە جۆری یەکەمی، ڕێژەی ٤% بۆ ١% پێك دەهێنن لە کۆی گشت شێوازەکانی تر، لە تەك ئەوەشدا مەنگۆلیزم لە کۆمەڵگادا بەگشت شێوەکانیەوە لە نێوان هەزار منداڵدا بە یەك بۆ دوو مەزەندە دەکرێت.

سەرباری ئەمەش (ثورن Thorne) یش ئاماژە بەوە دەکات کە ڕادەی دواکەوتەژیری ئەم جۆرە مەنگۆلیزمانە یان مامناوەندیە وەیان کاریگەرە.

٢. هۆکارە نا ڕاستەوخۆکانی جیناتەکان. ئەم هۆکارانەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە جەنین سیفاتی جیاواز لەخۆدەگرێت لەوسیفاتانەی کە لەهۆکارە ڕاستەوخۆکانی جیناتەکاندا لە بارەیانەوە دواین، چونکە لێرەدا دواکەوتەژیری بۆماوەیی ڕاستەوخۆ سەرهەڵنادات، بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ جەنینەکە جێ دەمێنێت و وەریدەگرێت شێوەیەکە لەشێوەکانی نەخۆشی یان شێوەیەکە لەپشێوی یان شێوەیەکە لەشێوەکانی گۆڕانکاریە کیمیاوێکان کە لەدایکەوە وەیان لەباوکەوە وەیان لەهەردوکیانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جەنین ئاکامیش دەبێتە هۆی تێکچونی دەماغ و کاریگەری دەکاتە سەر کۆئەندامی دەمارەکانی منداڵەکە (جهاز ألعصبی) سەرەنجامیش دروست بوونی بەربەست لەسەر نەشونماکردن و دواتر دووچاربوونی منداڵەکە بەدواکەوتەژیری.

ئەم شێوازانەش ئەم هۆکارانەی لێدەکەوێتەوە:

* سەرچاوە: :ألتخلف ألعقلی، د.سلێمان ألریحانی، چاپی یەکەم ١٩٨١، ل ٥٥– ٥٩.